**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی کوردسـتانی عێـراق**
**ژمارەی بـڕیـــار : ١٦**
**ڕۆژی بـڕیـــار : ٢٠٠٢/١٠/٣**

**" بڕیـــار "**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی (١٩٩٢) و ، لەسـەر داوای وەزیـری نـاوخۆ و ڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێم ، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٠٢/١٠/٣) یدا ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

**یەکەم :** هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هەر عێراقییەکیش کە لـە هەرێمـدا نیـشتەجێن و ئارەزوو دەکەن لە ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی یـان لـە ڕێکخـراوە بیانییـە غـەیرە حکومییـەکان ((NGO)) یان لە کۆمپانیا بیانییە وەگەڕکەتووەکانی ناو هـەرێم ، ئـیش بکـەن ، پێویـستە لەسەریان ئیزن لە وەزیری ناوخۆی هەرێم وەربگرن بۆ ئەوەی لـەو جێگایانـەدا ئـیش بکـەن. ئەو ئیزنەش بۆ ماوەی ساڵێك بڕ دەکات و تازەبوونەوەشی لە باردا هەیە.

**دووەم :** پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی کە پێش بەرکارخستنی ئەم بڕیارە ، لەو ڕێکخراو و کۆمپانیایانەدا کەتوونەتە کار و تا ئێستاش ئیش دەکەن ، لە ماوەی ئەو پەڕی دوو مانگـدا (کە لە ڕۆژی بەرکارخستنی ئەم بڕیارەوە دەست پێ دەکات) موراجەعەی وەزارەتی ناوخۆ بکەن بۆ ئەوەی ئیزنی تایبەت بەو ئیشەیان وەربگرن.

**سێیەم :** هەر کەسێ سەرپێچی لە حوکمەکانی ئەم بڕیارە بکـات سـزا دەدرێـت بـە حـەپس کردن بۆ ماوەیەك لە شەش مانگ کەمتر نـەبێو لـە دوو سـاڵیش نـەترازێ و غەرامەیـەکیش دەکرێت لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار کەمتر نـەبێ و لـە (٣٠٠٠٠) سـی هـەزار دینـاریش زیـاتر نەبێ.